

# فرۆشتن

بەر لەوەی با ڕاومبنێت، بەر لەوەی دەریا ڕۆحی من بەم کەشتییانە بفرۆشێت.

بەر لەوەی تۆفان بە بێدەنگییە قوڵەکانمەوە لە خودا بمکڕێتەوە

دەمەوێت خۆشەویستی تۆ بفرۆشم و بڕۆم بۆ دوورگەیەکی ئاسنین و لەوێ بمرم

لە بازاڕەکاندا دوکانداری زۆرم بینی، سەوای عەشقی تۆیان کرد

کێشانەی زۆرم بینی خۆشەویستی تۆیان بۆ کێشام

بەڵام کەسیان کڕیاری خۆشەویستی نەبوون

وەک چۆن بولبولێکی دیل لە قەفەزا فڕینی خۆی بە خەیاڵ دەپێوێت ...

خۆشەویستی تۆم پێوا.

دواجار دەمەوێ خۆشەویستی تۆ بپێوم و بچم بۆ شارێکی دی و لەژێر سێبەرەکانیدا بمرم.

ئیدی لە کوچەکاندا ئەوانە بانگیان کردم کە خۆشەویستی دەکڕنەوە

لەبازاڕەکاندا ئەوانەی عەشق دەفرۆشنەوە سەوایان لێکردم

... بەڵام کەسیان نرخی خۆشەویستی تۆیان نەدامێ

ئەزیزم ... بەرلەوەی خودا بمفرۆشێ و ئەهریمەن بمکڕێتەوە

بەرلەوەی نرخ لەسەر خوێن و پێڵاو و پاڵتۆکانم دانێن ...

دەمەوێت عەشقی تۆ بفرۆشم و بڕۆم بۆ بەحرێکی دوور و بیر لە کۆتایی بکەمەوە

گەر کڕیارێکم بۆ عەشقی تۆ هەبێت، ئیدی باکم بەهیچ نییە

دەمەوێت بەرلەوەی بمرم بزانن، عەشقی تۆ ئاسان نییە

بەڵام ئەوەتا گەرچی ئەستێرە و یاقوتی نەبینراوی زەریاشم دەدەنێ

هێشتا کەس نرخی ئەڤینی تۆ نازانێت ...

کەس نرخی خۆشەویستی تۆی پێ نییە ..

بەختیار عەلی

بەشێکە لە قەصیدەیەکی بڵاونەکراوەی بەختیار عەلی پێشکەشی کردووە بە خوێنەرانی گۆڤاری لڤین